# مەرگی هیواکان: هەنگاونان بەدەم خەوەوە بەرەو دەسەڵاتی پۆلیسیی

بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@hotmail.com

"لە نائامەدەگی دادوەرییدا، سەروەریی چییە جگە لە تاڵانییەکی ڕێکخراو؟"

قەشە
ئۆگەستین

## درۆیەک لەجیاتی پێشەکیی

چ درۆیەکە گەلۆ کاتێک سەرۆک کۆماری عێراقی نەهامەتی دەڵێت ئامادەنیە سزای لەسێدارەدانی سەدام حسێن ئیمزا بکات، بەڵام کاتێك حیزبەکەی هەڕەشەی لەسێدارەدان لە لاوانی هەڵەبجە دەکات، هەمان ئەم سەرکردەیەی یەکێتی ورتەی لێوەنایەت. ئەمڕۆ دەبێت لە ئاستانەی هەڵەبجەی تووڕەدا سەرنەوی بکەین و خۆمان لە ڕەحمی تفەنگەکانی ئاسایشی هار پەنابدەین و لە هەڵەبجە بپرسین: گەورەم، سەروەرم، ئەی سەرچاوەی شەرمەزاریی بۆ هەموو ستەمکارەکانی دونیا، بڵێی گیانی بۆگەنی سەدام حسێن لە گیانی پاکی لاوانی تووڕەی تۆ بەنرختر بێت، ئەگەر نا چما یەکێتی هەڕەشەی لەو جۆرە دەکات کاتێک سەرکردەکەی لەگەڵ لە سێدارەدانی سەدامدا نییە و لەگەڵ لەسێدارەدانی لاوانی تۆدا کێشەی نییە؟

(1)

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان ئاماژەی سامناکن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بەهەردوو ئیدارەکەیەوە پاشەکشە دەکەن لەو هەوڵانەی کە لەپاش داگیرکردنی عێراقەوە دران بۆ دیمۆکراتیزەکردنی کوردستان. ئەگەر لە ساتەوەختی داگیرکردنی عێراق و ڕۆژانی دوای ئەو داگیرکردنە هیوایەکی لەرزۆک هەبوویێت بۆ دیمۆکراسی، ئیتر کاتی ئەوەیە لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکان و گۆرانکارییەکاندا دان بەوەدا بنێین کە ئەو هیوایە وەک بڵقی سەرئاو بەڕوخساری بانگەشەکارانی دیمۆکراسیدا تەقی. ئەگەر بوێریەک هەبێت بۆ لێکدانەوە، ئەو ڕۆژنامە و لایەنانەی لە سێ ساڵی ڕابووردودا سەرقاڵی شەن و کەو کردنێکی کوێرانەی چەمکەکانی دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی بوون، پێویستە ئەمڕۆ ئامادەباشبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستییە تاڵە و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بدەن یان لەژێر ڕۆشنایی ڕاستییەکاندا تێرامانی دروست بۆ بارودۆخەکە بکەن، نەک بەردەوام بن لەو زیندەخەونەی خۆیانی تووشی سەرمەستی و جەماوەری تووشی خۆشخەیاڵی کردوە. لێرەدا کاتێک باس لە پاشەکشە لە دیمۆکراتیزەکردن دەکەین بەهیچ شێوەیەک مەبەست ئەوە نیە کە لە کوردستان شتێک هەبووە لە چەشنی دیمۆکراسی، ئەوەی بڵێت بۆ تەنها یەک دەقیقە لە کوردستان دیمۆکراسی هەبووە یان گێلە یان دۆرزن. لێرەدا مەبەست لە هەوڵەکانی دیمۆکراتیزەکردن ئەو هەوڵانەن کە لەژێر سایەی ئەمریکادا و لە ئەنجامی داگیرکردنی عێراقدا دران، کۆمەڵێک هەوڵی سەرەتایی و سادە کە دەکرا فراوانتر بکرێن. هاوکات

جێگای ئاماژە پێدانە کە دوو حیزبەکەی کوردستان نەک تێیدا بەشدارن نەبوون بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بۆسەر دەسەڵات و سەرمایەی خۆیان لێیاندەڕوانی، هەربۆیە ئێستا کار بۆ لە گۆڕنانی ئەو هەوڵانە و فراوانترکردن دەسەڵاتی چەتەیی خۆیان دەکەن.

کۆمەڵێک ڕووداوی یەک لەدوای یەک لە کەلارەوە بۆ ئاکرێ و لە دادگای هەولێرەوە بۆ هەڵەبجە چاودێرانی نێودوەڵەتیی و ناوخۆیی تووشی ڕامان و بەخۆداچوونەوە کرد. ئەوانەی بەرلەو ڕووداوانە خۆشخەیاڵبوون یان گومڕابوون بەوەی کە کوردستان ئەزموونێکی ناوازەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و پێویستە هەوڵی قووڵترکردن و فراوانترکردنی ئەو ئەزموونە بدرێت، ئەمڕۆ لەو بۆچوونە پاشەکشەیان کردوە و نیگەرانیی دەردەبڕن لەوەی کە کوردستان بەدەمر خەوەوە بەرەو حکومەتی پۆلیسیی ملدەنێت. ئەم ملنانە سامناکەی دوو حکومەتی کوردی بەرەو دەسەڵاتێکی پۆلیسیی، کە تێیدا خۆپیشاندان بە کوشتن کۆتایی دێت و ڕەخنە بە زیندانیکردن، لە دوو ئاستدا شایانی تێرامان و نیگەرانییە:

یەکەم، لە ئاستی ناوخۆییدا ئەو ئازادییە سنوردارانەی کە بۆ خەڵکی کوردستان بووبوونە مایەی شانازی و شکۆی نەتەوایەتی لە بەرامبەر "ئەوانی تر"ی نەتەوەی کوردا، لەڕێگای پێشێلکردن و ژێرپێنانیانەوە دەسەڵاتی کوردی ئەو سەرچاوە گرنگەی شکۆ و شانازی، ئەو سەرچاوە گرنگەی تایبەتمەندێتی و ناوازەیی لە بەراورد لەگەڵی ئەوانی تردا دەپوکێنێتەوە و هیشک دەکات. ئەم تایبەتمەندێتی و ناوازەییەی کۆمەڵگای کوردی، ئەگەرچی کۆنکرێت گەڵاڵەنەبووبوو، دەکرا بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوەیەکی خاوەن تایبەتمەندێتی و ناوازە بەکاربهاتایە و لە ئاستی نێودەولەتیدا بکرایەتە کەرەستەی فشار بۆ شەرعیەتدان بە خەونی بەدەوڵەتبوونی کورد و پاشان بەدیهێنانی ئاشتیانەی ئەو خەونە. هیچ ناشیونالیزمێک بێ تایبەتمەندێتی ناژی و هیچ ناشیونالیزمێک بێ تۆخکردنەوەی ئەو تایبەتمەندێتیانە خەونی بەدەوڵەتبوونی بۆ ناکرێتە ڕاستیی. بێگومان ناشیونالیزمی کوردی بەردەوام جەختی لەسەر تایبەتمەندێتیە زمانەوانیی و مێژووییەکانی نەتەوەی کورد کردۆتەوە، بەڵام شکستخواردنی بەردەوامی ئەم ناشیونالیزمە خێڵەکییە یان ئیتنیکییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەرچی ئەو تایبەتمەندێتیانە بۆ نەتەوەی دیکە کەرەستە بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەڵام بۆ کورد نەتوانرا بکرێنە ئەو کەرەستانە و ئیدی کاتی ئەوەیە بەدوای تایبەتمەندێتی نوێدا بگەڕێیین کە هاوکات شەرعیەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دەستەبەردەکات و فەراهەمی ئاشتی و هارمۆنی کۆمەڵایەتی دەکات، بێگومان بەبێ پشتگوێخستنی تایبەتمەندێتیەکانی تر کە کورد لەوانیتر جیادەکاتەوە، مەبەست ئەوەیە کە جەختکردنەوە لێیان کەمتر بکرێتەوە. بەپێی ئەم نووسینە ئەو تایبەتمەندێتیانە ئەو هەوڵە سەرەتاییانە بوون بۆ دیموکراتیزەکردن کە ئێستا لەپێناو تۆخکردنەوەی دەسەڵاتی خێڵەکیی و حیزبییدا پاشەکشەیەکی کوشندەیان لێدەکرێت. نەک ئەو تایبەتمەندێتیە مێژووییانەی کە کۆی ناوچەیەک خۆی بە خاوەنی دەزانێت و تیۆریزانی ناشیونالیزمی کوردی شەڕێکی دۆڕاوی لەسەر دەکات. بۆ نمونە لەم ڕۆژانەدا و بۆ جارێکی دیکە دەمەقاڵەیەک کەوتە نێو قەڵەم کێشەکانی ناشیونالیزمی کوردیەوە لەسەر ئەوەی کە کاوەی ئاسنگەر کوردە یان فارس، لە کاتێکدا پێمان ناڵێن ئەگەر کورد بوو سوودەکانی چین و ئەگەر فارس بوو خەتەرەکانی کامانەن. ئەوەی لای خاوەنی ئەم تەرزە لە بیرکردنەوە گرنگە ئەوەیە کە هەبوونی مێژوویەکی دێرین خود بە خود دەمانکاتە خاوەن دەوڵەت، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەوا بەر لە هەموو کەس ئاشوری و کلادانییەکان دەبێت ببنە خاوەن دەوڵەت، لە ڕاستییدا ئەوە لە مەحاڵەوە نزیکە تا لە ڕاستیی. هاوکات ئەگەر ئەو بۆچوونە دروست بێت ئەوا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا مافی بەدەوڵەتبوونی نییە چونکە لە ئەمریکا نە نەتەوە هەیە بە تێگەیشتنە باوەکەی نەتەوە و نە مێژوویەکی دێرین تا شەرعیەت بدات بە هەبوونی ئەو دەوڵەتە. بەڵام ڕاستیی هەبوونی دەوڵەتی ئەمریکا شتێک نییە لێرەدا بەڵگەی ئێمەی پێویست

بێت، ئەوەی هەبوونی دەوڵەتی بەهێزی ئەمریکای دروستکردوە و ڕاگرتوە ناوازەیی ئەو کۆمەڵگایەیە کە سیاسیەکان بەردەوام جەختی لێدەکەنەوە.

دووەم، نیگەرانی و تێڕامانە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا. ئەم داخزانە بەرەو دەسەڵاتێکی پۆلیسیی و پشتهەڵکردن لەو هەوڵە سەرەتاییانەی بۆ دیمۆکراسی دران کاریگەری زۆر خراپ لەسەر کۆمەڵگای کوردیی دادەنێت، کاریگەرپی هێند قووڵ کە پشتگوێخستنی تاوانە. چونکە لەساتەوەختی شکستخواردنی دەوڵەتی عێراقدا تەنها سەرچاوەیەک بۆ شەرعیەت و کۆکردنەوەی پشتگیریی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی هەوڵەکانی ئەو کۆمەڵگایە خۆیەتی بۆ دیمۆکراتیزەکردن. بێگومان لە ئاستی تیۆرییدا ئەم بۆچوونە قەیراناوی و بگرە هەڵگری هەڵەیە لە هەناوی خۆیدا، چونکە دەشێت خوێنەر بڵێت کە کورد وەک نەتەوە هەموو پێداویستییەکانی بەدەوڵەتبوونی تێدایە. وێڕای دروستیی ئەم بۆچوونە، فاکتەری جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی کوردیی تەنها لە کاتێکدا پشتگیریی نێودەوڵەیی دەستەبەر دەکات کە بنەماکانی دیمۆکراسی لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئەندازەیەک چەسپاوبن. هیچ زلهێزێک ئامادەنیە کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بکات کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئاشتی ناوچەیی و هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خودی خۆی.

(2)

ئەگەر ڕووداوەکانی کەلار، ئاکرێ، کۆیە و هەڵەبجە ئاماژەبن بۆ سروشتی نادیمۆکراتی بگرە ستەمکاری دەسەڵاتی کوردی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ توورەیی جەماوەر و خۆپیشاندان، ئەوا دۆزی دادگاییکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر ئاماژەیە بۆ نەبوونی دادوەرییەکی سەربەخۆ کە بەگووتەی (مۆرەی گلیسەن) "دادوەرپی سەربەخۆ ئەڵماسی دیمۆکراسییە"، دادگاییەک کە وەک قامکی تیژی ڕاستیی هەڵچەقیە چاوی ئەو نووسەرە ڕیاکارانەی کە باسیان لە ئازادی دەربڕین و ڕۆژنامەوانی دەکرد. ئەگەرچی کاردانەوەی ناوخۆیی لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە گرنگانەدا وەک پێویست نەبوو، بەڵام کاردانەوەی نێودەوڵەتی زۆر توند، بەربڵاو و نێگەتیڤ بوو. ئەوانەی پرواى پتەویان بە دیمۆکراسی کوردی هەبوو ئەمڕۆ دەستەوسانن لە داکۆکی کردن لەو دەسەڵاتەی کە بەئاشکرا پاشەکشە لە هەموو بەڵێنەکانی دەکات و گۆڕی ئایندەی خۆی بەدەستی پۆلیسەکانی هەڵدەکەنێت. ئەگەر لەگەڵ شکسپێردا کۆک بووین کاتێک دەڵێت "ئاینده وڵاتێکی نەدۆزراوەیە" ئەوا بەپێی کرداری ناعەقڵانی دەسەڵاتی کوردیی لە هەولێر و سلێمانی ئایندەی ئێمە وڵاتێکە لە مێژە دۆزراوەتەوە و سیستەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵە و خێڵ تێیدا باڵادەستە، هەرچیش دیمۆکراسییە هیوایەک بوو بەباچوو وەک هەموو هیواکانی تری کورد بەدرێژایی مێژوو. هەموو ئەوانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا کار بۆ پیرۆزکردنی حیزبی خێڵەکی و سەرکردەی نەزان دەکەن، هەموو ئەوانەی بەشدارییەکی چالاکیان کردوە لە پەردەپۆشکردنی ئەو ڕووە ناشیرینەی دەسەڵاتدا کە ڕۆژێک وەک نەهەنگێکی یاخی دەکەوێتە گیانی هەمووماں، هەموو ئەمانە، یان باشترە بڵێین هەمووماں بەشێکمان لە گوناهەکانی ئەو داخزانەی دەسەڵاتی کوردی بەردەکەوێت. ئەوەی ئەمڕۆ لەدەستی دەدەین نەوەکانی داهاتو باجە گرانەکەی دەدەن، لەبەرئەوە با کەس خۆی لە زەریای تفی ئەو نەوەیە پەنانەدات کە دێتە سەر خاکێکی بەتاڵ لە هەموو شتەکان، بەتاڵ لە سەروەت، شکۆمەندیی و بەها.

## دۆریەک لەجیاتی کۆتایی

چ درۆیەکە کاتێک سەرۆک کۆماری عێراقی نەفرەتیی خەرجی ساڵێک لە حوکمکردنی عێراق بۆ میدیاکان ئاشکرا دەکات و ئامادەنیە نە خەرجی خۆی نە ئەوەی حیزبەکەی لە پانزە ساڵی رابووردودا لە کوردستان ئاشکرا بکات، گەلۆ چ بانێکی نەگریس و چ دوو هەوای دژبەیەک گڤەی دێت لە ئاسمانی ئەو بانەدا. جاران ئەگەر کەسێک زوڵمی لێبکرایە دەیگووت "دیارە من لە ژنە عەرەبەکەم" لەمەودا دەبێت بڵێین "دیارە ئیمە لە ژنە کوردەکەین". خۆشحاڵ دەبووین ئەگەر ئەم ڕقەی کورد لە عەرەب بە ڕێز کۆتایی بهاتایە، نەک بە خۆبەکەمزانین و ڕێزنەگرتنی سەرکردەیەک لە نەتەوەکەی.

2006/03/24

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند